# تیریژ:
# کلیپ وەک بەرهەمی هونەری گرنگە بۆ هونەرمەند

**هەرچەندە تیریژ ئورمی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتوتە دنیاوە، بەڵام دەرکەوتنی و ناسینی وەک هونەرمەند زیاتر لە باکوری کوردستان ناسرا و هەر لێرەش ئەلبومەکانی بڵاوکردەوە و کلیپ و گۆرانی تۆمار کرد، تیریژ وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.**

ئێستا تیریژ لە باشووری کوردستان نیشتەجێیە ئەمەش هەنگاوێکی باشە بۆ ئەوەی بتوانێت زیاتر پەرە بە کارە هونەرییەکانی بدات و سوود لە هونەرمەندانی ئێرە وەربگرێت، تیریژ لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان سەرەتا دەربارەی دوایین کارە هونەرییەکانی خۆی گوتی: دوایین کارم سێ کلیپی تازەیە کەهەرسێ گۆرانییەکان ئەو تراکانەن کە لە دوایین ئەلبوومەکەمدا هەن، کلیپێکیان لەگەڵ (ڤین تیڤی) یە کلیپێکیشم لەگەڵ کۆمپانیایەکی دیکەیە کلیپەکەی تریشم لەگەڵ کۆمپانیای (ترا) یە.

دەربارەی کلیپ و گرنگی تۆمار کردنی گۆرانی بە ڤیدیۆ کلیپ بۆ هونەرمەند و سەرکەوتنی زیاتر تیریژ دەڵێ: بە بڕوای من کلیپێکی باش بە قەد بەرهەمەکە گرنگە بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند، چونکە لە هەموو شوێنێك تی ڤی هەیە، واتە هونەرمەند دەتوانێت بە کلیپێك خۆی بە هەموو شوێنێك بناسێنی، بەڵام بەرهەمی سیدی لە هەمو شوێنێك بڵاوناکرێتەوە. من لەو بڕوایەدام کە هونەرمەند دەتوانێت خۆی بناسێنی، لە داهاتوویەکی نزیکدا بەرهەمی سیدی جێگای نامێنێت و لە جیاتی ئەو گۆرانی سنگڵ باوی دەبێت واتە لە هەر ئەلبوومیك ٥-٦ تراك دەکرێن بە کلیپ بەتایبەتی ئەو گۆرانیانەی کە شایەنی ئەوە بن دەکرێن بە کلیپ و دەبنە هۆی ئەوەی گۆرانییەکە زیاتر بناسرێت لەناو جەماوەردا.



تیریژ رای تایبەتی خۆی هەیە دەربارەی دیاردەی کۆپی کردن و چۆن نییە تی بنبڕ کردنی و لەم بارەیەوە دەڵێت: بنبڕ کردنی کۆپی کردن کارێکی سەختە، بەڵام دەتوانین تۆزێك کەمی بکەینەوە واتا بەپاراستنی مافی هونەری هونەرمەندان ئەمەش بەدەرچوونی یاسایەکی تایبەت لەپەرلەمان بەدانانی لێژنەیەکی ئاسایش لە کوردستان بۆکۆنترۆڵ کردن و بەدواداچوون، ئەوکات دەتوانین هەندێك لەدیاردەی کۆپی کردن کەم بکەینەوە. بەڵام دیسان دەیڵێمەوە بەشێوەیەکی گشتی کارێکی ئاسان نییە لەبەرئەوەی ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵگای ئێمە بەرامبەر ئاستی هونەری و خزمەتکردنی هونەری زۆرکەمە، بوونی نوسخەیەکی ئۆرجینال لەماڵێکدا نیشانەی تێگەیشتنی کۆمەڵگایە کە لە چ ئاستێکی شارستانیدا دەژیت، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەست دەکەم دەبێ کار لەسە ر ئەمە بکرێت کە کۆمەڵگایەکی وشیارو ڕۆشنبیرو خاوەن هەڵوێست خاوەن بڕیارمان هەبێت کە ڕێز لە بەرهەمی هونەری فۆلکلۆری و ڕەسەنایەتی بگرێت. من وەکو گۆرانیبێژێك بەکلیپێکی باشتر جارێکی تر خزمەت بکەم دەبێت بزانن لە وڵاتی ئێمەدا شتێکی تریش هەیە ئەبێ هەرکەسێك باش بزانێت من وەکو گۆرانیبێژێك خزمەتکاری گەل و وڵاتی خۆمم، بەڵام بۆئەوەی بتوانم خزمەتی هونەری کوردی بکەم دەبێ بەرهەمی ئۆرجینالٌمان لەبازار بکڕن تا بتوانم لە داهاتوودا بەرهەمێکی باشتر بڵاو بکەمەوە. باشە ئەگەر هیچ سودێك لە بەرهەمە کەمەکانم نەبینم ئەوا چۆن دەتوانم کاری تر بەرهەم بهێنم و خزمەتی بەرهەمەکەم بکەم دەبێ بزانین ئەم وڵاتەی هی هەموومانە، کەوایە با هەموومان هەوڵبدەین داهاتووی ئەم وڵاتە بەرەو باشی ببەین.

سەبارەت بەو گلەییە زۆرەی کە گوایە ئاوازی تورکی زیاتر لەلای هونەرمەندانی کرمانجی واتە بادینی بەکاردێت تا دەگاتە هونەرمەندە سۆرانییەکان. تیریژ دەڵێ: گلەیی لە چی دەکەن ؟ نابێ بەم جۆرە بڕواننە هونەرمەندە بادینیەکان، چونکە ئەم دیاردە هەمولایەکی گرتۆتەوە هەم لەلای گۆرانیبێژە بادینیەکان و هەم گۆرانیبێژە سۆرانییەکان.

لە کۆتاییشدا دەربارەی ئەوەی بۆچی کۆنسێرتی کەمە. تیریژ دەڵێ: لە ڕابردوو لەکوردستان بەتایبەت لەشاری خۆشەویستی هەولێر چالاکی هونەریم زۆربوو، لەدوای ساڵی ٢٠٠٨ ناوبڕێکم دا بەکارەکانم. بەڵام لەئێستا بەدواوە هەوڵدەدەم کۆمەڵێك زنجیرە کۆنسێرت لەدەرەوە و ناوەوەی کوردستان ساز بکەم بەتایبەت لەشاری هەولێر کەئێستا لێی دەژیم حەز دەکەم خزمەتێکی زۆری ئەم شارە بکەم.

## کچەکەی ج...

جانێ یان هۆزان جانێ یەکێکە لە دەنگبێژە خۆشەکانی باکووری کوردستان، وەك ئافرەت جانێ لە ژیانیدا ئازار و مەینەتی زۆری بە دەست باوکسالاری کۆمەڵگاوە چەشتووە، یەکێك بووە لەو ئافرەتانەی کە لە تەمەنێکی زوودا بە بێ ویست و ئارەزووی خۆی بە شوو دراوە، بۆیە ئەگەر لە گۆرانییەکانی وردبینەوە بە ئاشکرا هەست بەو ئازار و کەسەرانە دەکرێت و لە ڕێگای بەسەرهاتی ژیانی خۆی بە گشتی بەرگری لە ئافرەتی کورد دەکات.

هەرچەندە جانێ لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێیە، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە تورکیا شانبەشانی چەندین هونەرمەندی دیکە بەشدارییەکی کاریگەریان لە هەڵمەتەکانی هەڵبژارندا کرد و ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لە سەرکەوتنی نوێنەرانی کورد، لەمبارەیەوە جانێ لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: تامەزرۆیی و پەرۆشیمان بۆ ئازادی وایکرد بە گڕوتینێکی زۆرەوە بەشداری لە هەڵمەتەکانی هەلبژاردندا بکەین، بۆیە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و پرۆسەکەش وەك کەرنەڤالێك وابوو کە هەموو لایەك ئافرەت و پیاو منداڵ و لاو بەشداریمان تێیدا کرد، ئێمەی هونەرمەندانیش کە نزیکەی ٦٠-٧٠ هونەرمەند دەبووین وەك ئەرکێکی نەتەوەیی سەر شانمان شانبەشانی هاووڵاتیان بەشدار بووین و زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم ڕۆڵێکی سەرەکیمان هەبوو لەو سەرکەوتنەی کە نوێنەرانی کورد بە دەستیان هێنا.

سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای هونەری کوردی بەتایبەتی لە باشووری کوردستان، جانێ خان دەڵێ: ناتوانم بڵێم ڕەوشی هونەر لە باشووری کوردستان زۆر سەرکەوتووە، بەڵام زۆر هونەرمەندی باش و بە تواناش هەن، پێموایە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت بۆ پاراستنی مافی هونەرمەندان دەر بکا ئەو کات خزمەتێکی زۆر بە هونەری بە هونەری کوردی دەکات لە هەمان کاتدا ئەگەر یاسایەك هونەرمەندانیش ناچار دەبن پەرە بە کارەکانی خۆیان بدەن.


لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا دەزگا هونەرییەکان وەکو پێویست پاڵپشتی هونەرمەندان دەکەن و بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، جانێ دەڵێ: دەزگا هونەرییەکان زۆرن، بەڵام بەپێی حەز و ویستی خۆیان ئەم کارە دەکەن و هاوکاری هونەرمەندان دەکەن نەك لەسەر ئەساس یان بەپێی ماف و ئەرکی ئەو هونەرمەندە، زۆر

## ــــــانی نایەوێ ببێتە هونەرمەند

کەس لە کوردستان لەم دەزگایانە سوودمەندن کە کوردیش نین و لەلایەنی ماددیشەوە سوودی زۆریان بۆ هونەرمەندانی بیانی هەیە.
دەربارەی ئەو نەخۆشییەی کە ماوەیەك دووچاری هاتبوو و ئایا باری تەندروستی ئێستا چۆنە، جانێ گوتی: سوپاس بۆ خوا ئێستا تەندروستیم رۆژ دوای رۆژ بەرەو باشتر دەچێت، هەر بۆیەش بڕیار وایە لە ماوەی چەند رۆژی داهاتوودا سەردانی کوردستان بکەم، سەردانەکەشم تەنیا بۆ بەسەر کردنەوە دەبێت، واتە تا ئێستا هیچ بەرنامەیەکم نییە بۆ ئەنجامدانی کارو چالاکی هونەری بەتایبەتی لەم سەردانەدا و ئەگەر لە دوارِۆژدا بە نیازی ئەنجامدانی هەر کارێك بم ئەوا لە رێگای دەزگاکانی راگەیاندنەوە بە جەماوەری خۆمی رادەگەیەنم.
لە کۆتاییشدا جانێ ئاماژەیە بەوە کرد کە کچەکەی وەك خۆی حەز لە بواری هونەری ناکات و ئێستا لە بواری سۆسیۆلۆژی دەخوێنێت و ئارەزووی ئەوە دەکات بڕوانامەی دکتۆرا لە بواری خۆی بەدەست بهێنێت.



فۆتۆ: زانا دلشاد دزەیی



## ئیبراهیم حەکیم:
## دەکرا سوودێکی زۆر لە فیستیڤاڵی هەولێر ببینرێت

ماوەی چەند رۆژێك بوو لە شاری هەولێر فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ بە بەشداری ژمارەیەك تیپ و گروپی شانۆیی لە کوردستان و عێراق و چەند وڵاتێکی دیکەی ئەوروپی ساز کرا، هونەرمەند ئیبراهیم حەکیم کە بەردەوام لە نمایشەکان ئامادە بوو، سەبارەت بەم فیستڤاڵە دەڵێ: ساز کردنی ئەم جۆرە فیستیڤاڵانە و نیشاندانی ئاشتی و ئارامی کوردستان بەو میوانانە خۆی لەخۆیدا سەرکەوتنێکی گەورەیە، چونکە بۆیان روون دەبێتەوە کە هەرێمی کوردستان جیاوازە لەگەڵ پارچەکانی دیکە و کەشی پێشکەوتن و داهێنان لەم پارچەیەدا فەراهەمە، ئەمەش خاڵێکی ئیجابی فیستیڤاڵەکەیە.
سەبارەت بە لایەنی هونەریش ئیبراهیم حەکیم دەڵێ: ئەو نمایشانەی من بینیم کاری هونەری زۆر بەرز بوون بەتایبەتی نمایشی گرووپە ئەڵمانییەکە، بەڵام خۆزگە ئێمەی هونەرمەندانی کوردستان بەتایبەتی هونەرمەندانی پایتەخت، کارێکی شانۆیی وامان ئەنجامدابوایە کە هونەری شانۆیی لە هەولێر بەو هونەرمەندانەی دەرەوە نیشان بدەین، ئەمەش بە رای من یەکێکە لە کەموکورِیەکانی فیستیڤاڵەکە وابزانم لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە دیراسەت نەکراوە.
ئێمە لە هەولێر خاوەن هونەرمەندی زۆر بە توانایین کە دەبوایە رۆڵی زیاتریان لەم فیستیڤاڵەدا هەبێت. نازانم بۆچی کەسانی وەك تەڵعەت سامان و سەعدون یونس، سەباح عەبدولرەحمان، فەرهاد شەریف لەم فیستیڤاڵەدا دیار نەبوون لە کاتێکدا هونەرمەند لە دەرەوەی کوردستان بانگهێشت کراون، ئەمانە سەبارەت بەم فیستیڤاڵە تەنانەت پرسیشیان پێنەکراوە، ئەمەش جۆرێك لە تاکرِەوی پێوە دیارەو پلانەکان زۆر بە وردی دانەنراون، بەگشتی نیشاندانی رووی گەشی هەولێر سەنگی مەحەك نییە بۆ سەرکەوتنی لایەنی هونەری فیستیڤاڵەکە، چونکە رەنگە وڵاتی ئەوان زۆر لە وڵاتی ئێمە خۆشتر بێت.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: رۆشنە عومەر

## ئالین:

# لە کوردستان دەرفەت بۆ پێشکەوتنی هونەر زیاترە..



***بۆچی دەرکەوتنت وەك پێویست نییە؟**

- پێموایە دەبێ پرسیارەکەتان بەو شێوەیە بێت بۆچی من بە بەردەوامی دەرناکەوم لە میدیا و ئاهەنگ و کۆنسێرت و شەوچەرە کوردییەکان؟ من وەك هونەرمەندێکی ئافرەت بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەم کە لە خزمەتی هونەر و کێشەی رەوای میللەتی کورد ئامادەییم هەبێت، بۆ ئەم مەبەستە من ئەم ساڵ ئەلبوومی خۆم بە ناوی ( هیڤێین وەستایی ) و حەوت کلیپم بڵاوکردەوە، هەروەها بەشداریم لە چەند چالاکی و فیستیڤاڵی جیادا کرد لەوانە فیستیڤاڵی کلتوری لە وڵاتی ئەڵمانیا.

*** بیرۆکەی گوتنەوەی گۆرانی ( من دخازن) ی هونەرمەندی کۆچ کردوو ئەیاز یوسف چۆن بوو؟**

- ئەم گۆرانییە ئەو سیستەمە ستەمکاری و زوڵم و دواکەوتنەی کە لەسەر ئافرەتی کورد پیادە دەکرێ دەخاتە روو و شیی دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا وەك نۆژەنکردنەوەی شۆڕشێکی کۆنە لە هونەری کوردیدا، هەروەها هەستم کرد کە ئەم گۆرانییە لەو جۆرە گۆرانیانانەیە کە بە دوایدا دەگەڕام.

*** بە گشتی پێوەندیت لەگەڵ هونەرمەندان چۆنە؟**

-پێوەندییەکانم زۆر باشن، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو هونەرمەندانە کە بە هونەرمەندی نەتەوەیی بەناوبانگن و لەپێناو میللەتەکەیان تێکۆشانی زۆریان کردووە.

*** تۆ تا چەند لەگەڵ ئەو رایەی کە دەڵێت ئێستا کلیپەکان تەنیا جوانی ئافرت نیشان دەدەن بێ ئەوەی گوێ بە ناوەڕۆکی گۆرانییەکە بدرێ؟**

-بەپێی تێگەیشتنی من لە هونەری کوردی، پێویستە لە هونەردا شیعر، ستایل، میتۆد، موزیك و حەزی هونەرمەند خۆی فەرزی بکات، نەك کەسانێك بێن و جوانی خۆیان نمایش بکەین.



**هۆزان ئالین وەك دەیان كچە هونەرمەندی دیكەی كورد لە بواری گۆرانی گوتندا خزمەت بە هونەری كوردی دەكات، لە تەمەنی ١٨ساڵیدا دەستی بە وتنی گۆرانی نەتەوەیی و فۆلكلۆری كردووە وتا ئێستاش هەر بەردەوامە و لەو ماوەیەدا شارەزاییەكی زۆری پەیدا كردووە.**
**زانكۆی دەرمانســازی تەواو كردووە، هەروەها پەیمانگای موزیك ورۆشــنبیری لە وڵاتی ئەڵمانیــا تەواو كردووە و ئێســتاش لەوێ نیشــتەجێیە، لە دەرفەتێكدا چەند پرســیارێكمان ئاراســتەی ئالین خان كرد ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** كێ زیاتر یارمەتیت دەدات؟**

- جگــە لەوەی كە خۆم یارمەتی خۆم دەدەم، چەند كەسایەتی رۆشنبیری و ئەكادیمی و و شــاعیرێك یارمەتیم دەدەم كە پێویستە لێرەوە سوپاسی هەموویان دەكەم.

*** هونــەری كــوردی لــە چ پارچەیەكی كوردستاندا زیاتر پێشكەوتووە؟**

- ئەوەی راستی بێت لە ماوەی چەند ساڵی رابــردوودا هونەری كوردی لــە هەر چوار پارچەی كوردستان سەركەوتنێكی بەرچاو و گەورەی بەدەســتهێناوە و پێشكەوتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی كوردســتانی فیدراڵی عێراق تا رادەیەك سەربەخۆیە و خاوەن دەزگای تایبەتی هونەرییــە و دەرگاكانی بــەرووی جیهانی دەرەوەدا كــراوەن و لە هەموویشــی گرنگتر هونەرمەندان ئازادن چی پێشــكەش بكەن، لەوانەیە ئیمكانیات باشــتر بــۆ هونەرمەند پەیدا ببن.

*** وەك ئالین چۆن هونەری رەســەن پێناسە دەكەی؟**

- هــەر میللەتێك هونەری رەســەنی خۆی هەیە كە لە مێــژوو و فەرهەنگ و زمانی رەســەنی میللەتەكــەدا هەڵدەقوڵێت و چەند تایبەتمەندییەكی هەیە كە پێی دەناسرێتەوە، بۆیە هەر هونەرێك ئەگەر ئەم تایبەتمەندیانەی تێدا نەبێت رەســەن نییــە و دەتوانین بڵێین هونــەر نییە و ناتوانێت دەربڕی ئێش و ژانی گەلەكەی بێت.

***ســازكردنی ئاهەنگی تایبەت و كۆنسێرت بۆ هونەرمەند چەند گرنگە؟**

- هونەرمەند پێویستە سەرەتا لە رێگای ئەو هونەرەی پێشكەشی دەكات بتوانێت ناوبانگێك بۆ خۆی دروســت بكات بگاتە ئاســتێك كە لە لایەن جەماوەرەوە بناســرێت، هەروەها بنكەیەكــی جەماوەری بۆ خۆی دروســت بكات، ئەو كات جەماوەرەكەی هەوڵ دەدات یاخود داوا دەكات لە نزیكەوە بەشــێوەیەكی راستەوخۆ و رووبەروو ئەم هونەرمەندە ببینێت، لــە هەمان كاتدا هونەرمەندیش هەوڵ دەدات بەشێوەیەكی زیندوو توانا و لێهاتوویی خۆی نیشانی جەماوەر بدات و ابكات زیاتر ئاشنا بن پێی، گرنگی ئەنجامدانی كۆنسێرت لەم خاڵەدایە.

*** ئەی ئێــوەی هونەرمەند كــەی دەتوانن بژێــوی ژیانی خۆتان لە رێــگای هونەرەوە پەیدا بكەن؟**

- ئەمە پرســیارێكی گرنگــە، چونكە هەر كەســێك كە خوا بەهرەی دەنگخۆشــی پێ بەخشی بێت و بەردەوام هەوڵ بدات بۆ ئەوەی



شتی نوێ پێشــكەش بە جەماوەر بكات و لەو پێناوەدا قوربانییەكی زۆر بدات لەرووی ماددی و مەعنەوییەوە و ئەركێكی زۆریش بكێشــێت مافی خۆیەتی كە لە بەرامبەر ئەمــەدا بتوانێت بژێــوی ژیانی خۆی لە رێگای هونەرەكەیەوە پەیدا بكات بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێــت بتوانێت لــە داهاتوودا كارێكی دیكەی باشتر پێشكەش بكات.

***هونــەری توركی و عەرەبی و فارســی چ كاریگەرییەكیــان لەســەر هونــەری كوردی هەیە بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییەدا؟**

- دەتوانین ئەم پرســیارە بەم شێوەیە شرۆڤە بكەین:

یەكەم:ئەو دەڤەرانەی كوردســتان كە پرسی نەتەوەی كــورد و كــوردی و بزوتنەوەی كوردی تێیدا بەهێز و ئازادبوون، بە درێژایی مێژوویی كاریگــەری هونەری عەرەبی و فارســی و توركی بەســەریدا بە لاوازی ماوەتەوە.

دووەم:لــەو دەڤەرانەی كــە دوور بوون لە بزوتنەوەی كوردی و هونەر و زمانی كورد، لەو ناوچانە كاریگــەری هونەری بێگانە بەتایبەتی عەرەبی و توركی بەسەریاندا زۆر و بەرچاوە و بە ئاشكرا هەستی پێدەكرێت. بۆیە ئەگەر باس لــە كاریگەری هونەری بیانی بەتایبەتی هونەری وڵاتانی دراوسێ و داگیركاری بكەین، دەبینین كاریگەرییەكەی رەهــا نییە بەڵكو بەشــێوەیەكی رێژەییە و لە ســەردەمێكەوە بۆ سەردەمێكی تر و لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەكی تر جیاوازە.

*** گــۆرانــی فۆلكلــۆری دووبــارە دەكەیتەوە؟**

- بەڵێ بە بــەردەوام گۆرانی فۆلكلۆری دووبارە دەكەمەوە، و دەمەوێ بە جەماوەری خۆم بڵێیم لە بەرهەمی داهاتوومدا چاوەڕێی سپرایزێك بن هیوادارم بە دڵیان بێت.

## براد: پێویستە لە گشت فیلمەکانم ئەنجلینا ئامادە بێت

براد بیتی ئەستێرەی بەناوبانگی سینەمایی و هاوسەری ئەنجلینا جولی بە یاوەری هاوسەر و شەش منداڵەکەی لە ئینگلتەرایە بۆ تۆمارکردنی دیمەنەکانی فیلمی World War Z.

بێت بەم دواییە بە گۆڤارێکی هونەری راگەیاند بوو: کاتێك ئەنجلینام لەگەڵ بێت یادی رۆژەکانی فیلمی Mr. & Mr.s دەکەمەوە لەم فیلمەدا پیاوێك و هاوسەرەکەی نیازی کوشتنی یەکتریان هەبوو ئەمەش جۆرێك لە خۆشی بە فیلمەکە بەخشی بوو و سەرەتای پێوەندی من و ئەنجلینا بوو، بۆیە بڕیارمداوە لە گشت فیلمەکانم لەگەڵمدا بێت، پێویستە هەموو کارەکان بە یەکەوە بکەین، بەم شێوەیەش کاتێکی زۆر کەم بە کار کردنەوەی خەریك دەبین کاتێکی زۆرمان دەبێت کە بە یەکەوە لەگەڵ منداڵەکانمان بە سەری بەرین.



## مادۆناش بۆنی تایبەتی خۆی دەبێت



ئافرەتە هونەرمەندە جیهانییەکان تەنیا بە گۆرانی گوتن و نواندن ناوەستن، بەڵکو زۆریان ناوبانگی خۆیان ئیستغلال کردووە بۆ بیزنس و بازرگانی و زۆریشیان بۆنی تایبەت بە ناوی خۆیان بڵاو دەکەنەوە. دوایین ئەستێرەش کە بەم کارە هەستا بێت مادۆنایە، لەم بارەیەوە The Insider بەم دواییە بڵاویکردەوە دەستی بە گفتوگۆ کردووە لەگەڵ مارکەی Coty بۆ ئەوەی بەم زووانە پەرە بە بۆنێکی نوێ تایبەت بدەن و بە ناوی خۆیەوە بڵاوی بکەنەوە، بەپێی چەند سەرچاوەیەکی دیکە ئەم بۆنە دەبێتە دیاردەیەکی گەورە و دەنگ و سەدایەکی زۆری دەبێت، چونکە مادۆنا خاوەن جەماوەرێکی زۆرە و کەس ناتوانێت نکۆڵی لەو ناوبانگە بکات کە لەناو جەماوەر سەرتاسەری جیهان هەیەتی ئەمەش لەڕووی بازرگانییەوە هێزێکی زیاتر بە بۆنەکە دەدات.



## بۆ دوایەمین جارئیڤا واز لە مێرد کردن دەهێنێت

خانمە ئەکتەری ئەمریکی ئیڤا لۆنگۆریا کە بە ڕەچەڵەك مەکسیکییە دووپاتیکردەوە کە ئێستا سورە لەسەر ئەوەی مێرد نەکاتەوە تەنانەت بیریش لەم جۆرە هەنگاوانە ناکاتەوە.

ئەم لێدوانەی لۆنگۆریای تەمەن ٣٦ساڵی دوای جیابوونەوەی لە یاریزانی تۆپی سەبەتەی فەرەنسی تۆنی پارکەر دێت کە دوای سێ ساڵ ژیانی هاوسەرێتی جیابوونەوە. جیابوونەوەی لۆنگۆریا و هاوسەرەکە دوای ئاشکرا بوونی خیانەتی پارکەر لەگەڵ هاوسەری یاریزانێکی دیکەی دێت، هەر بۆیە لە دادگا داوای تەڵاقی یەکسەری کرد بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی پروپاگەندە کە هەرەشەی لە ژیانی پیشەیی لۆنگۆریا دەربارەی پێوەندی نێوان پارکەر و ئافرەتێکی دیکە، هەرچەندە پارکەر ئەم جۆرە پێوەندییەی بە هەموو شێوەیەك ڕەت کردەوە پێویستە بگوترێ کە ئێستا ئیڤا لە پێوەندییەکی خۆشەویستیدایە لەگەڵ ئیدوارد کروزی برای ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی توم کروزدا دایە.

## لوسی: لە ماڵەوە بێ کار دانیشم لە خۆ رووتکردنەوە باشترە

خانمە هونەرمەند و سەماکاری میسری لوسی رایگەیاند کە زۆری پێخۆشترە لە ماڵەوە دانیشێت نەوەك بەشداری لە هەندێك کاردا بکات کە بریتی بن لە خۆ رووت کردنەوەیەك کە هیچ بیانوویەکی راستەقینەی نییە.

لوسی هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کەوا هاوسەرەکەی بەهیچ شێوەیەك دەست ناخاتە نێو کاروباری تایبەتی خۆی، چونکە ئەویش وەك خۆی هونەرمەندە و بەتەواوی لە سروشتی کاری هونەری دەگات، لوسی لە درێژی لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی (ئەهرام)ی میسری گوتی: زۆرم پێ باشترە لە ماڵەوە بێ کار دانیشم نەوەك بچم بەشداری لە کارێکدا بکەم کە بریتی بێت لە ورووژاندن و خۆ رووت کردنەوەیەکی بێ بنەما، بەڵام هەندێك پێداویستی هونەری هەیە زۆر ئاساییە کە رۆڵم تێیدا هەبێت ئەویش بەو مەرجەی کە بە شێواز و لە دیدو بۆچوونی خۆمەوە پێشکەشیان بکەم کە بە هیچ شێوەیەك کاریگەری لەسەر ناوبانگی من و خێزانەکەم نەکات.



# لە تورکیا مەلەک دەستگیر دەکرێ بە کەفالەتیش ئازاد کرا

بەم دواییە کچە گۆرانیبێژ مەلەك رۆژهات سەردانی وڵاتی تورکیای کرد بۆ بینینی خزم و کەسوکاری و هەر لەو سەردانەشدا کۆنسێرتێکی گۆرانی ساز کرد، بەڵام لە دوای کۆنسێرتەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا.

سەبارەت بەم رووداوە مەلەك لە لێدوانێکدا وتی: بۆ بینینی خزم و کەسوکارم سەردانی تورکیام کرد، لەوێ لەگەڵ چەند هاورێیەك ئامادەکاریمان کرد بۆ سازدانی کۆنسێرتێکی گۆرانی لە شاری وان، لەم کۆنسێرتەدا ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی ئامادەبوون کە من خۆم پێشبینیی ئەوەم نەدەکرد، لەم کۆنسێرتەدا کچان و کوران بە چەپڵە رێزان گۆرانی و سروودی سیاسییان دەوتەوە و داوایان لە من کرد منیش بۆیان بڵێم.

مەلەك زیاتر دەڵێ: من وەك هونەرمەندێك ناچار بووم داخوازی جەماوەر جێبەجێ بکەم و گۆرانی (هەڤالا)م وت، لەو کاتەدا پیاوانی دەوڵەت من و ٩ هاورێی منیان دەستگیر کرد.

مەلەك، هەروەها دەڵێ:دوای دەستگیر کردنمان سێ لەو دەستگیرکراوانە ئازاد کران، بەڵام من و شەش خزمی دیکەم کە دەستگیر کرابووین ئازاد نەکراین و دەستگیر کردنەکەشم یەك مانگی خایاند، لە لێکۆڵینەوەیاندا لەگەڵمان زۆریان هەوڵدا بزانن کە پیوەندیمان لەگەڵ کوردی عێراق چۆنە و هۆکاری سازدانی ئەم کۆنسێرتە و هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان لە شاری (وان) چییە، هەروەها ویستیان ئەوەش بزانن کەوا من بۆچی سەردانی کەمپی مەخمور و کۆنسیرتی کەسوکاری ئەنفال کراوەکان و چەندین پرسیاری دیکەشیان ئاراستە کردین کە هیچ بنەمایەکیان نەبوو و بەدوای بیانووەکدا دەگەران کە دژی ئێمە بەکاری بهێنین لە لێکۆڵینەوەکاندا، بەڵام هیچ سوودی نەبوو و نەیانتوانی کاریگەری لە خۆراگری ئێمە بکەن یان وا مان لێبکەن شتێك بڵێین کە بتوانن دژی ئێمە بەکاری بهێنن.

مەلەك رۆژهات لە درێژەی لێدوانەکەیدا دەڵێ: دوای ئەوەی بۆ ماوەی مانگێك دەستگیر کرام چەند رۆژێك پێش چەژن بە کەفالەت ئازادکراوم و ئەگەر دادگا داوام بکاتەوە دەبێ بگەرێمەوە تورکیا و لەبەردەم دادگا ئامادە بم، بەڵام ئێستا لە شاری هەولێرم، ئەوەی جێگای داخە پێشتر بەڵێنم دابوو کلیپێکی نوێ تۆمار بکەم کە دەبوایە بەر لە دوو مانگ بڵاو بکرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەو رووداوە و دەستگیر کردنم لە تورکیا کاری ئەم کلیپە دواکەوت.



ت/ بەهرە سدیق

## مەریوان سەفائەدین:

# دژی ئەوەم هونەری نەتەوەیەکی دیکە تێکەڵ بەهونەری کوردی بکرێت

* * *

**هونەرمەند مەریوان سەفائەدین لە عەبابەیلێی هەڵەبجە هاتۆتە دنیاوە و زۆربەی تەمەنی خۆی لەوێ بەسەربردووە، دەستپێکی هونەریشی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٣ کاتێك بە هاوکاری چەند هونەرمەندێك دەرفەتی بۆ ڕەخسا توانا هونەرییەکانی خۆی تاقی بکاتەوە لەوانەش هونەرمەند بەهجەت یەحیا، ئێستا لە ئەوروپا ژیان بەسەر دەبات و خاوەنی دوو ئەلبوومی بە ناوی (دیبە و جێژوان)، لە پێوەندییەکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەمشێوەیە هاتە ئاخافتن.**

* * *

سەرەتا بەوەی دەربارەی هونەرمەند دەتوانێت بژێوی ژیانی خۆی لە ڕێگای هونەرەکەیەوە پەیدا بکات، مەریوان گوتی: بە ڕای من هونەرمەند کاتێك دەتوانێت بژێوی ژیانی بە هونەرەکەی پەیدا بکات پێش هەموو شتێک کۆپی کردن لە کوردستان نەمێنێت و ئەو تۆمارگا و دوکانانەی کە بە بازاڕی کۆپیکردنیان داناوە، دابخرێن. هەروەها ڕاگەیاندنەکانی کوردیش دەتوانن دەورێکی باڵایان هەبێت بۆ نەهێشتنی کۆپیکردنی بەرهەمی هونەرمەندان، دواتر وەزارەتی ڕۆشنبیریش دەتوانێت پشتگیری لە هونەرمەندان بکات و لەو ڕووەوە بەدەمیانەوە بچێت.

کەسانێك هەن بە مافیای هونەری کوردی ناودەبرێن، مەریوان دەربارەی ئەمانە دەڵێت: ئەو کەسانەی کە پێیان دەوترێت مافیای هونەری کوردی، من زۆر لەوە خراپتریان پێدەڵێم بگرە ئەنفالچی و ڤایرۆسی هونەری کوردین نەک تەنها مافیا، دڵنیابە ئەو کەسانە کەمن، بەڵام وەک ڤایرۆس وان و بێچوی زۆر بڵاودەکەنەوە. من هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا بووم کە هونەری کوردی پێش بکەوێت، بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە بێت هەرگیز پێش ناکەوێت و بەرەو مەرگ دەبرێت.

زۆر جار باس لە بوونی تێکست نووسە کوردەکان دەکرێت، مەریوان سەفائەدین بە ڕاشکاوی دەڵێ: تێکست نووسی باشمان زۆرە، بەڵام ئەوەش کەوتوەتە سەر ئەو گۆرانیبێژە کە ئایا بۆلای کام تێکست نووس دەچێت کە تێکستی بۆ بنووسێت یان چ جۆرە تێکستێکی دەوێت.

زۆر جار باس لە تێکەڵکردنی هونەری کوردی بە هونەری نەتەوەکانی تر دەکرێت، هونەرمەند مەریوان لەمبارەیەوە دەڵێ: من دژی ئەوەم کە هەر هونەرێکی تری نەتەوەکانی تر تێکەڵ بە هونەری کوردی بکرێت من خۆم گوێ لە هەموو جۆرە گۆرانی و موزیکێکی بیانی دەگرم، بەڵام پێم باش نییە لەگەڵ هونەری کوردی تێکەڵ بکرێت. هەموو هونەرێک وەک خۆی گوێی لێبگیرێت باشترە، چونکە زۆر جار گوێمان لێدەبێت گۆرانییەکی کوردی زۆر خۆش تێکەڵ کراوە لەگەڵ گۆرانییەکی ڕاپ ئەمە جێی دەستخۆشی و تازەگەری نییە ئەمە وا دەکات ئەسلی هەردوو هونەرەکە ون بکات.

لە وەڵامی ئەم پرسیارە گەشبینی بەرامبەر بە داهاتووی هونەری کوردی؟ وتی: من ناتوانم لە هەموو ڕوویەکەوە گەشبین بم بە دوارۆژی هونەری کوردی هەتا ئەو ڤایرۆسە گەورانە لەناو نەبرێن، بەرگریکردنێکی باش و دلسۆزانە نەبێت بۆ هونەری کوردی ئەمەش زۆر ئاسانە ئەگەر بمانەوێت بیکەین تەنها پێویستمان بە پشتگیرییەکی باش لە لایەن حکومەتی کوردستان و وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە هەیە.

سەبارەت بە زۆربوونی ژمارەی گۆرانیبێژان هونەرمەند مەریوان سەفائەدین دەڵێ: ئەمە شتێکی ئاساییە چونکە بارودۆخەکە لەبارە بۆیە بەو شێوەیە گۆرانیبێژ زۆر بووە و ئێمە ناتوانین کەسێک خودا بەهرەیەکی داوەتێ و دەنگی خۆشە بۆ گۆرانی وتن ڕێگری لێ بکەین، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئایا کێن ئەوانەی کە دەیانەوێت بەراستی بینە ناو دنیای هونەری کوردی و بۆ خزمەتی هونەری کوردی خۆیان تەرخان دەکەن.

لە کۆتاییدا هونەرمەند دەربارەی کاری ئێستا و بەرهەمی داهاتووی گوتی: ئێستا من لە وڵاتی سوید لە کەناڵی ئاسمانی کەی بی سی کار دەکەم وەک کارمەند بەرپرسی بەشی ئەرشیفی گۆرانی و موزیکی کوردیم، بەڵام ئەمە وەک کارێکی ڕۆژانەم دەیکەم هیچ پەیوەندییەکی بە کاری هونەریمەوە نییە و هەر کات و ساتێک بمەوێت کاری هونەری خۆم دەکەم و ڕێگرم نییە، بەڵام هەر خۆم لە ژیانی هونەریمدا ئەوەم هەڵبژاردووە کە کاری زۆر و بۆر نەکەم ئەوەندە بکەم کە گوێم لێبگیرێت، لەلایەکی دیکەوە دەمەوێ ئەوەتان پێ بڵێم ڕاستە من ماوەیەکە بەرهەمی نوێم بڵاو نەکردۆتەوە، بەڵام ئێستا ئەلبومێکی نوێم لەبەردەستدایە و هیوام وایە بتوانم لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بە کارەکانی بکەم و دواتر لە هەموو نوێکارییەک گوێگرانم ئاگادار دەکەمەوە..



## هەڵبەست سەڵاح:

# بەهۆی نەبوونی ستۆدیۆی پرۆفیشناڵەوە زۆربەی کاری هونەرمەندان بوونەتە قوربانی

**هەڵبەست سـەڵاحی موزیکژەن کە لە خانەوادەیەکی هونەرمەند و هونەردۆست پەروەردە بووە، لە هەمـان کاتدا خاوەن توانا و بەهرەیەکـی هونەری زۆرە، لەم دیمانەیەدا باس لــە رۆڵی موزیکژەنان لە هونـەری کوردیدا و چەند بابەتێکی دیکە دەکات.**

***گۆرانیبێژان دەڵێن مافمان دەخورێ، بۆچی کەس باس لە میوزیك ژەنان ناکات؟**

- بــە داخەوە میوزیك لە وڵاتــی ئێمە، هەم لای هونەردۆســتان و خەڵکیش بایەخــی ئەوتۆی پێ نــەدراوە ژەنان، بەراســتی میوزیــك پێوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ ژیانی مرۆڤ هەیە، میوزیك ژەنانیــش لەو بوارەدا کاری جدیان نەکردووە، بەڵام هەوڵی تاك تاکە هەبووە، شــتی زۆریش پێشکەش کراوە لە گشت شارەکانی دیکەی کوردستان، بەڵام بە داخەوە تاوەکو ئێســتا میوزیك نەبووەتە بەشێکی گرنگ لە هونەردا بۆیــە هیواداریـن لە داهاتوودا هەم میوزیك ژەنان خۆیان هەم لەرێگای سەندیکای رۆژنامەنووســان و وەزارەتی رۆشنبیری بایەخێکی تایبەت بە بواری میوزیك بدرێ.

***زۆر لــە میوزیك ژەنان روویان لە گۆرانی گوتن کردووە، تۆش بیرت لەو رێگەیە نەکردوەتەوە؟**

-لە راستیدا هەر وەك دەبینین ئەمە بووەتە نەریتێك، بــەڵام بە پســپوری لــە بوارەکەی خــۆم دەتوانم ســەرکەوتنێکی باش بەدەســت بێنم و مەرج نییە ئــەوەی کاری میوزیکی کرد ببێتە گۆرانیبێژیش، زۆرێــك لەو هونەرمەندانەی کە ئێســتا لە مەیدان دان، پێشــتر میوزیك ژەن بــون زۆریش باش بوون، بەڵام لە گۆرانیدا ئەو سەرکەوتنەیان بەدەست نەهێنا بەبــڕوای من تەنها ئەو لایەنــە دەگرێتەوە کە ئەو میوزیــك ژەنە حەزی لەوەبێ کە زیاتر دەرکەوێ لە رێگەی گۆرانی وتنەوە، من بۆخۆم زۆر ئاواتم بووە زۆربەی هونەرمەندان کاری ئامادە کردن و میوزیکم بۆیان کردووە لەرووی دەنگیشەوە رەنگە بتوانم بڵێم ســەرکەوتنیش بە دەست بێنم من وەك میوزیك ژەن میوزیکم زۆر خۆش دەوێ گۆرانیش بەشــێکە لە میوزیــك، بەڵام پێموایە بە میوزیــك زیاتر دەتوانم خزمەتــی کارە هونەرییەکان بکــەم ئەگەر هەموو میوزیــك ژەنان گۆرانی بڵێن ئەی کێ میوزیك بۆ گۆرانیبێژان بژەنن، بۆیە هیوادارم ئەوانەی میوزیك ژەنن و باشن دەتوانن کارەکانیان بەباشی دیارکەوێ گرنگ نییە کە بێتە ناو بواری گۆرانی وتنەوە.

***وەکــو میوزیك ژەنێــك رات چییە بەرامبەر بەو هونەرمەندانەی دەچن لــە تورکیا میوزیك تۆمار دەکەن؟**

-رەنگــە ئــەوە دوو را هەبــێ، ئێمە ناتوانیــن بە شــێوەیەکی رەها وەڵامــی ئــەو پرســیارە بدەینەوە و بڵێین هەموو ئــەو گۆرانیبێژانەی لە تورکیا یان لە دەرەوەی وڵات کاری هونــەری دەکــەن کاری خراپە یان نەشــیاوە، رەنگە بەشــێك لەو هونەرمەندانە بــۆ ئەو هۆکارەی بگەڕێننەوە کە تا ئێستا بەداخەوە کوالیتی زۆر باش، ستۆدیۆیەکی پرۆفیشــناڵیمان نییە، زۆربەی کاری گۆرانی بێژانیش لێرە بووەتــە قوربانی ئەو هۆکارە، بەراســتی ئەمەش کە ئەرکی وەزارەتی رۆشەنبیری و ســەندیکای هونەرمەنــدان و حکومەتی هەرێمی کوردســتانە کە زۆر بەداخەوە بــە بایەخەوە نارِواننە ئەو کارە، ئەگینا زۆر بەشــێوەیەکی سادەو ساکار لەوساڵانەی دوایی دەتوانرا ستۆدیۆییەکی پرۆ فیشنال لە وڵاتی ئێمەشدا بکرێتەوە چونکە زۆربەی هونەرمەندانــی هاورێــم و گۆرانیبێژان بە هۆکاری ســەرەکی پێشڤەنەچوونی دادەنێن، ئەگینا وەك کاری میوزیکژەن بەراســتی میوزیك ژەنی زۆر ســەرکەوتوومان هەیە و ئەو کارانەی کــە لە وڵاتانی دەرەوە کــراون ئێمــە دەتوانیــن وەك ئەوان زۆر بە جوانی بیکەین بۆ نموونە من لەگەڵ هونەرمەندی ناسراو و بەناوبانگــی ئێرانی موعین ئەســفەهانی وەکو میوزیك ژەن کارم کرد و تووشــی ســەر سوڕمان بــوو و چاوەڕێی نەدەکرد کــە میوزیك ژەن هەبێ بتوانێ کارەکانی ئەو بەو شــێوە جوانە پێشــکەش بکات ئەوەش بووە مایەی خۆشحاڵی من و میوزیك ژەنانــی تریش، بۆیە دەتوانم بڵێــم ئەمە هۆکاری سەرەکی ئەم باسەیە.

***هەڵبەســت چ کاریگەریەکــی هەبوو لەســەر دەرکەوتنی هەردی؟**

- ئێمــە هەموومان لە ماڵەوە چ من چ هەردی چ هەرێم و هێمن هەموومان کاریگەری باوکی ئازیزم لەسەرمان هەبووە کە هەمیشــە کەشێکی وای لە ماڵەوە دروستکردووە کە بەرەو جیهانی هونەر پاڵمان پێوەنێ، بۆیە لەناخەوە هەســتمان بە هونەر کردووە، من لە هەموو براو خوشــکەکانم گەورەترم هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە شەیداو خولیای میوزیك بووم وهەر لە قۆناغی ناوەندیەوە چوومە ناو ئەو بوارەوە، پاشان لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەرگیرام هەر پێنج ســاڵەکە بە پلەی یەکەم دەرچووم پاشانیش لە هەمان پەیمانگا بوومە مامۆستا، دواتریش کۆلێژی هونەرە جوانەکانم لە بەشی میوزیك، تەواو کرد بێگومان هەم من و هەم هەردی و براکانی تریشم کاریگەریمان لەسەر یەکتر هەبووە بەراستی من زۆر شــت لە هەردییەوە فێر بووم ئەویش لە منەوە فێر بوو و هــاوکاری یەکتر بووین.

